بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سـەرۆك**

**یاسای یەكێتیی دادوەرانی هەرێمی كوردستان- عیراق**

به پێی ئەو دەسەلاٌتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی رۆژی (٢٠٠٦/١١/١٤) ی خۆیدا،كردویەتی بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٦
## یاسای یەكێتیی دادوەرانی هەرێمی كوردستان- عیراق

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناكانی بەرامبەریانە:

**یەكەم- هەرێم**: هەرێمی كوردستان– عیراق.

**دووەم– یەكێتی**: یەكێتیی دادوەرانی هەرێمی كوردستان– عیراق.

**سێیەم– دەستەی گشتی**: دەسەلاٌتی بالاٌی یەكێتی یە كەیە، هەموو ئەو دادوەرە ئەندامانەی كە تێیدا تۆماركراون دەگرێتەخۆ.

**چوارەم– ئەنجومەن**: ئەنجومەنی بەرێوەبردنی یەكێتییەكەیە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەندی یەکەم
## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە، یەکێتی یەکی پیشەیی سەربەخۆ بۆ دادوەران دادەمەزرێت، پێی دەگوترێ یەکێتیی دادوەرانی هەرێمی کوردستان وبارەگاکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێ و، بۆی هەیە، لەهەر پارێزگایەکی هەرێم دا، لقێك بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یەکێتی کە سایەتی یەکی یاسای یەو ، سەربەخۆییەکی دارایی و کارگێریی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

یەکێتی ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە.

**یەکەم:** سەروەرێتیی یاساو، سەربەخۆیی دادوەری، بەجۆرێ کە رێگە نەدرێت دەست لە کاروباری وەربدرێت.

**دووەم:** هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی دادوەران.

**سێیەم:** پاراستنی ناوبانگ و پێگەی پیشەکە، بە جۆرێ کە لەگەڵ بنەمای سەربەخۆیی و دەست پاکیی دادوەری دا بگونجێ.

**چوارەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی دادوەران و، دنەدانیان لەسەر پێشکەش کردنی توێژینەوەی یاسایی و دادوەری و، کردنەوەی خولی راهێنان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دا کەبە شداریی تێدا بکەن.

**پێنجەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی دادوەران و، بایەخدانی تایبەت بە فەراهەمکردنی خزمەت گوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان و خێزانیان، بەجۆرێ کە شایانی پێگەوجێگەیان بێت.

**شەشەم:** کە بچێتەپاڵ یەکێتیی نێودەوڵەتیی دادوەران یان هەر رێکخراوێکی هاوشێوەی دیکەو پێوەندییان لەگەڵدا توندوتۆڵ بکا، بەجۆرێ کە ئامانجەکانی یەکێتی وەدی بێنێ.

**حەوتەم:** دابین کردنی نوێترین شێواز و تەکنیك بۆ خزمەتی ڕەوشی دادپەروەری و گەیشتن بە کاروانی پەرەسەندووی دادوەریی جیهانی.

**هەشتەم:** هاوکاری لەگەڵ هەدوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن لە هەرێم دا، بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی دادوەری.

**نۆیەم:** کردنەوەی ناوەندگەلی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بۆ دادوەران.

**دەیەم:** زامنکردنی رێز و پاراستنی ماف دەستوری و یاسایی هاووڵاتیان.

**یازدەم:** دەوڵەمەند کردنی هزری یاسایی و، بەشداری کردن لە پەرەپێدانی یاسادانان دا.

**دوازدەم:** پشتگیری دادوەران لە پیادەکردنی حوکمی یاساو بەجێ گەیاندنی ماف و دادپەروەری دا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەندی دووەم

## یەکەم/ ئەندامێتی و پابەندییەکانی

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ ئەندامێتی لە یەکێتی دا:

أ- دەبێ دادوەربێ لە دادگاکانی هەرێم دا.

ب- داواکارییەك، بۆ هاتنە ڕیز، پێشکەش بە یەکێتی بکات.

**دووەم:**

أ- دەشێ، دادوەرە خانەنشینەکان وەك ئەندام لە یەکێتی یەکەدا وەربگیرێن.

ب- دەشێ دادوەرانی دادگاکانی دەرەوەی هەرێمیش، لە یەکێتی یەکەدا وەربگیرێن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەندام، بەمانەی خوارەوە پابەند دەبێ:

**یەکەم:**ئابوونەی هاتنەڕیزو هاوبەشی بدات.

**دووەم:** پاراستنی هەیبەت و پێگەوجێگەی دادوەریەو، خۆبەدوورگرتن لە هەر رەفتارێ گومان لە سەر ڕاستی یەکەی بوروژێنێ.

**سێیەم:** لە چالاکی یەکانی یەکێتی یەکەدا بەشداربێ و لە کۆبوونەوەکانی دا ئامادەبێ و، پابەندی بڕیارەکانی بێت و، بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆشش بکات.

## دووەم/ لەدەستدانی ئەندامێتی

**ماددەی حەوتەم:**

لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، دادوەر ئەندامێتیی لەدەست دەدات:

**یەکەم:** ئەگەر مەرجێ، لەمەرجەکانی ئەندامێتیی لەدەست بدات.

**دووەم:** کاتێ پابەند نەبێ بە ئەرکەکانی ئەندامێتی یەکەی.

**سێیەم:** کاتێ دەست دەکێشێتەوە.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەندی سێیەم
## پێکهاتە و ئەرك وفرمان

### یەکەم/ دەستەی گشتی

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکــەم:** دەسـتەی گـشتی بـە بـاڵاترین دەسـەڵاتی یـەکێتی یەکـە دادەنـرێ و، لـە سـەرجەم ئەندامـە تۆمارکراوەکـان پێـك دێـت کـە پابەنـدبوونی خۆیـان بـەپێی ئـەم یاسـایە بـەجێ هێناوە،یەکـەم کۆنگرەی دامەزراندنیشی، دوای ( **شەست** ) رۆژ، لەرۆژی کارپێکردنی ئەم یاسایەوە، دەبەستێ بۆ ئیقرارکردنی پێڕۆی ناوخۆی یەکێتی یەکەو هەڵبژاردنی ئەنجومەن.

**دووەم:** یەکێتی، بە بڕیاری ئەنجومەن و لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی یەکێتی یەکە هەر سێ ساڵ جارێك، کۆنگرە خول بەخولەکانی خۆی دەبەستێ و، رێـژەی یاسـاییش (النـصاب)، بـە ئامـادە بـوونی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتەجێ. ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوە، لەوبارەدا، هەڵبژاردن، پاش **پازدە** رۆژ، لە رۆژی کۆبوونەوەی یەکەمەوە، لە هـەمان کـات و هـەمان شـوێن دا، ئـەنجام دەدرێت و، رێژەی یاساییش، بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامان، بەتەواو لەقەڵەم دەدرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

دەستەی گشتی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە دەست:

**یەکەم:** گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی ئیداری و دارایی و ئەو ڕاپۆرتانەش دەکا، کە لە لیژنەکانی دیکەوە هاتوون و پەسندیان دەکا.

**دووەم:**دیارکردنی ئابوونەی ئەندامێتی و ئابوونەی هاوبەش بوونی ساڵانەی ئەندامەکان.

**سێیەم:** ئیقرارکردنی هەموارکردنەکانی پێڕۆی ناوخۆو، پێشکەش کردنی پێشنیاز بۆ هەموارکردنی یاساکە.

**چوارەم:** هەڵبژاردنی ئەنجومەن.

### دووەم/ ئە نجومەن

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەن، لە **حەوت** ئەندامی ئەسڵی و **دوو** ئەندامی یەدەك پێك دێت و، لە نێوانیان دا، سەرۆك و جێگرەکەی هەڵدە بژێردرێن و، خول بەخولیش، هەر دوومـانگ جارێك کۆدەبێتـەوە.سـەرۆك، بۆی هەیە، لەکاتی پێویست دا، بانگهێشتی بکات بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و، کۆبوونەوەکەش، بـە ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەندامـەکانی دەبەسـترێ و، بڕیارەکانیـشی بەزۆرینـەی ئەندامـە

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ئامادەبووەكانى وەردەگرىَ و، لەكاتى يەكسان بوونى دەنگەكانيش، بەولايە دادىَ كە سەرۆك دەنگى دەداتىَ.

**دووەم:** سەرۆكى ئەنجومەن، مافى خۆكانديد كردنى بۆ زياتر لە دوو خولى دوابە دواى يەكدا نى يە.

**سـێيەم:** ئەگەر ئەندامى ئەنجومەن لە ئامادەبوونى سىَ كۆبوونەوەى دوابەدواى يەك يان پێنج كۆبوونەوەى جيا جيادا، لە ماوەى سالێكدا، بەبىَ پاساوێكى رِەوا دواكەوت، بەدەست كێشاوە لە ئەنجومەن، دادەنرىَ.

**ماددەى يازدەم:**

**يەكەم:** ئەنجومەن ئەم تايبەتكارييانەى خوارەوە دەگرێتە دەست:

أ- پێكهێنانى ليژنەكان و ناوزەدكردنى سەرۆكەكانيان.

ب- پەسندكردنى بوجەى سالآنە.

ج- دەرچواندنى برِيارى زەبتى و رِەشكردنەوەى ناوى ئەندامەكان.

د- دامەزراندنى كارمەندان لە يەكێتى داو، دياركردنى مووچەو، كۆتايى هێنان بە وەزيفەكانيان.

هـ- چوارچێوەى سەلآحيياتى خەرج، بۆ سەرۆك دادەنىَ.

و- سەر پەرشتكردنى ئيش وكارى لقەكانى پارێزگاكان.

ز- پاراستنى موڵك ومالًى يەكێتى و، وەبەرهێنان و پەرەپێدانى.

**دووەم:** دەشىَ، لە ماوەى (٣٠) سى رۆژدا، كە لە رۆژى دواى پێراگەياندنەوە دەست پىَ دەكا، لە دادگاى پێداچوونەوەى هەرێمدا، تانە لە برِيارە زەبتى يەكانى ئەنجومەن بدرێت. برِيارى ئەم دادگايەش بنبرِدە بێت.

**ماددەى دوازدەم:**

سەرۆكى ئەنجومەن ئەمانەى خوارەوە دەگرێتە دەست:

**يەكەم:** نۆينە رايەتى كردنى يەكێتى لەبەردەم دادگاكان و دايەرە فەرمى يەكان و لايەنەكانى ديكەدا.

**دووەم:** خەرج كردنى پارەى پێويست بۆ كاروبارى يەكێتى، دواى رەزامەنديى ئەنجومەن.

**سێيەم:** سپاردنى هەندىَ لە سەلآحيياتى خۆى بە جێگرەكەى.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## سێیەم
## لقەكانی پارێزگاكان

**ماددەی سێزدەم:**

**یەكەم:** لیژنـەی لـق لـە سـەرۆك و دوو ئەنـدامی ئەسـڵی وئەنـدامێكی یـەدەگ پێـك دێـت، لـە لایـەن ئەندامانی لقەكەوە هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** لـق، بـۆ وەدیهێنـانی ئـەو ئامانجانـەی یـەكێتی تێدەكۆشـێ كـە لـەم یاسـایەدا دەقـەكانیان هاتووەو، لیژنەی لق، ساڵانە ڕاپۆرتێك لەبارەی ئیش وكاری لقەكـەوە پێـشكەش بـە ئەنجومـەن دەكات.

## بەندی چوارەم
## دارایی یەكێتی

**ماددەی چواردەم:**

دارایی یەكێتی پێك دێت لە:

**یەكەم:** ئابوونەی ئەندامێتی و هاوبەشێتیی ساڵانە.

**دووەم:** بەخششی تەرخان كراو لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە.

**سێیەم:** بەخشش و كۆمەكە ناوخۆی یەكان.

**چوارەم:** بەخشش و كۆمەكی دەرەكی، دوای رەزامەندیی حكومەتی هەرێم.

**ماددەی پازدەم:**

یەكێتی، لە بوجەیەكی ساڵانە، دارایی خـۆی بـەڕێوەدەبات، كـە بـەپێی سیـستەمی ژمێریـاریی دایـەرە فەرمیەكان ڕێكدەخرێ و جێ بەجێ دەكرێ و، هەموو حـساب و حـساب كـاری یەكیـشی، لێوردبوونـەوەی ریقابەی دارایی لەسەر دەبێت.

## بەندی پێنجەم
## حوكمە گواستەنییەكان

**ماددەی شازدەم:**

دەسـتەی گـشتیی یـەكێتی، بـۆی هەیـە، خۆحەزانـە، دوای رەزامەنـدیی دوولـە سـێی ئەنـدامانی، یەكێتییەكە هەڵوەشێنێتەوە، ئەوساكە، موڵك وماڵی یەكێتییەكە، دەدرێت بـە كۆمەڵەیـەكی هـاو شـێوەی خۆی.

**ماددەی حەڤدەم:**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**یەكەم:** سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە، داوا لـە دادگـای بـەرایی جێگـای بارەگـای سـەرەكیی یەكێتی بكات، بەهەڵوە شاندنەوەی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

أ– ئەگەر یەك سـاڵ بەسـەر دامەزرانـدنی یـەكێتی یەكـەدا تێپـەڕێ و دەسـتی بـە ئـیش وكـاری نەكردبێ وەك لە پێڕۆی ناوخۆی دا دەقەكانیان هاتووە، یان بـۆ هـەمان مـاوە لـەئیش وكـار دابڕابێ بەبێ هۆی پاساوداری بەجێ.

ب– ئەگەر لە چالاكیەكانیدا، لەو ئامانجانە لایـدابێ كـە دەقـەكانیان لـە مـاددەی چـوارەمی ئـەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** بڕیاری دادگای بەرایی، دەكرێ، لەبەردەمی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا، تانـەی لێ بـدرێ لـە ماوەی سی ڕۆژدا، لــەرۆژی دەرچوونیەوە. بڕیاری دادگای پێداچوونەوەش، لەسـەر ئەوتانەیـە، بن بڕەبێ.

**ماددەی هەژدەم:**

ئەنجومەن، بۆی هەیـە، ڕێنمـایی پێویـست دەربـچوێنێ بـۆ بەئاسـانی جـێ بـەجێ كردنـی حوكمـەكانی ئـەم یاسایە.

**ماددەی نۆزدەم:**

هەر دەقێكی یاسا، یان بڕیار، لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، كاری پێ ناكرێ.

**ماددەی بیستەم:**

پێویستە لە سەر وەزیرە پێوەندیدارەكان، فەرمانەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی بیست ویەكەم:**

ئەم یاسایە، لەرۆژی دەرچواندنی یەوە جێ بەجێ دەكرێ و، لە رۆژنامەی فەرمی ( **وەقائعی كوردسـتان** )دا بلاَودەكرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عیراق**

هەولێر
٢ / سەرماوەرز/ ٢٧٠٦ كوردی
( ٢١/ ١١/ ٢٠٠٦ ) ی زایینی
١/ ذي القعدة /١٤٢٧ ی كۆچی

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**یاسای یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان**

بە پێی ئەو دەسەلاّتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی رۆژی (٢٩/١١/٢٠٠٦) ی خۆیدا كردویەتی بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی /٢٠٠٦
## یاسای یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان

### بەشی یەكەم
### دامەزراندن و ئامانجەكان

**ماددەی یەكەم:**

بەپێی ئەم یاسایە، یەكێتی یەكی سەربەخۆ، بۆ پەرلەمانتاران دادەمەزرێ، ناو دەنرێ **یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان** و، بارەگەكەی لە هەولێری پایتەخت دا دەبێت و، بۆیشیی هەیە، لق لە پارێزگاكانی هەرێم دا بكاتەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان

**ماددەی دووەم:**

ئەم یەكێتییە، كەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە.

www.mojkurdistan.com